بەدرێژایی شۆرشی (١٩٤٣) و (١٩٤٥) بارزاندا (ئەسعەد خوشەوی) وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی و یاریدەدەری بارزانی نەمر رۆلێکی قارەمانانەی گێرا .

لەپائیزی (١٩٤٥) لەگەل بارزانی نەمر چووە کوردستانی رۆژ هەلات و لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر بەرگرییان لەکوماری کوردستان کرد بەبریاری بارزانی نەمر ئەسعەد خوشەوی بوە سەرکردەی هیزی بارزانیان لەسنوری (ورمێ) لەکاتی هێرشی ئیران بۆ سەر کومار (ئەسعەد خوشەوی) و هێزەکانی رۆلیکی قارەمانانەیان گێراو سەربەرزانە بەرگرییان لەکوماری کوردستان کرد (خوشەوی خەلیل) کە برازای (ئەسعەد خوشوی) بوو و یەکێک بوو لەفەرماندەکانی هیزی بارزانیان لە بەرەی (سەقز) شەهید کرا و وەکو یەکەم شەهیدی کوماری کوردستان ناوی چووە نیو مێژووی بزۆتنەوەی کوردایەتی .

دوای روخانی کومار (ئەسعەد خوشەوی) و دەیان کەس لەخەباتگیر و تێکوشەرانی ناوچەی مزۆری بالا بونە هەڤال و هاوسەنگەری بارزانی نەمر و دوای رووبەروو بونەوەی سوپای سێ ولاتی داگیرکەری کوردستان لەئاوی ئاراس پەرینەوەو بەسەربەرزی گەیشتنە یەکیتی سوڤیەتی جاران بارزانی نەمر بەو

ڕێرەوە مێژووییە کەشتی بزۆتنەوەی کوردایەتی گەیاندە کەنارێکی ئارام و پرسی کوردی وەکو پرسی گەلێکی بن دەست و خاک داگیرکراو گەیاندە هەموو جیهان ......هتد.
دوای شۆرشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨) (ئەسعەد خوشەوی) و (میرحاج ئاکرەیی) لەگەل بارزانی نەمر گەیشتنە چیکوسلوفاکیا و لەوێشەوە گەیشتنە وەلاتی میسر و لەگەل جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەوکاتی میسر کوبونەوە و دوای ئەوە گەرانەوە بەغدا و چاویان بەعەبدولکەریم قاسم کەوت لەو کوبونەوەیەدا بریاردرا هەموو هەڤالانی بارزانی نەمر لەیەکیتی سوڤیەت بگەرێنەوە و بو ئەم مەبەستەش لەسەر فەرمانی بارزانی نەمر (ئەسعەد خوشەوی) و (میرحاج ئاکرەیی) گەرانەوە یەکیتی سوڤیەت و دواتریش لەگەل هەموو هەڤالەکانیان بەسەربەرزی گەرانەوە ئیراق.
لەسەرەتای سەرهەلدانی شۆرشی ئەیلولی مەزن (١٩٦١) ئەسعەد خوشەوی لەگەل بارزانی نەمر چووە دەڤەری بادینان .
لەبەهاری (١٩٦٢) بەبریاری بارزانی نەمر بوە سەرکردەی هێزەکانی شۆرش لەو دەڤەرە و بارزانی نەمریش بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆرش گەرایەوە دەڤەری سوران تا نسکوی (١٩٧٥) (ئەسعەد خوشەوی) لەو بەرپرسیارێتیە مایەوە و وەکو سەرکردە و سیاسەتڤانێکی ژیر و لێهاتوو هەموو کاروبارەکانی شۆرشی لەو دەڤەرە بەسەرکەوتووی بەرێوە برد , هەمیشە جێی رەزامەندی و متمانەی بارزانی نەمر بوو بەشاهیدی زۆربەی مێژوو نوسان (ئەسعەد خوشەوی) قوتابیەکی راستەقینەی بارزانی نەمر بوە کەسێکی دەستپاک و دلسۆزو راستگوو نیشتمان پەروەربوو هەر

ئەمەش بــوو وایکــرد کە خەلکــی دەڤەری بادینــان هەتــا ئیســتاش بەرێزەوە باس لەجوامیری و قارەمانێتی (ئەسعەد خوشەوی) بکەن.
لە ماوەی فەرماندەیی (ئەسعد خوشوی) چەندین شـەر و داسـتانی گەورە بــو بەرگریکــردن لە کوردســتان تومــار کــران لە وانەش داسـتانی چیـای مەتیـن لە سـالی (١٩٦٣) لە سـەری ئامیـدی (سـعید خلیل خوشوی) کە لەو کات بەرپرسی محوەری سەری ئامیدی بوو بریندار بو و هەر لەو شەرە کوری شهیدی قارەمان عیسی سوار بە ناوی (محمد عیسا سوار) لە گەل چەندین پێشـمەرگەی قارەمـانی تـر شهید بو.
دوای نسکوی (١٩٧٥) (ئەسعەد خوشـەوی) وەکـو کەسـێکی خـاوەن ئەزمـۆن و خـاوەن ئیرادە شانبەشـانی (ئیـدریس بـارزانی) هەمیشـە لەیاد و (سەروک مسعود بارزانی) پشـت و پەنـای ئاوەرەکـان بـوو بەردەوام لەگەل خەم و ئازارەانیاندا دەژیا و هاوکاریان دەکردن.
لە بەهــاری ســالی (١٩٧٦) بەفەرمــان و بریــاری بــارزانی نەمــر (ئەسـعەد خوشـەوی) بوە هاوکـار و پشـت و پەنـای (مسـعودبارزانی) و (ئیـدریس بـارزانی) لە ســەرهەلدانی شـۆرشــی گولانــدا دەیــان مەفــرەزەی پێشــمەرگەی لەنــاو ئاوارەکــان پێکهێنــا و بەهاوکــاری کــوردانی رۆژ هەلات وبــاکوور و رۆژئــاوا رەوانەی باشــوری کوردستانیان کردنەوە.
مخابن لە(١٩٧٧/٥/٣١) ئەسـعەد خوشـەوی بۆ هەمیشـە مـال ئـاوای لەکوردســتان و شۆرشــگیرانی رێگــای رزگــاری و ســەربەخۆیی کوردســتان کــرد و لە روژهەلاتــی کوردســتان لە "شــنو" بە خــاک سپێردرا , بەمەش کورد و بزۆتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان سـەرکردەیەکی مانـدونەناس و ژیـرو ئـازای لەدەسـتدا کوچـی دوای

ئەسعەد خوشەوی لەدەستدانی قوتابیەکی راستەقینەی بارزانی نەمر بوو .



# حسۆ میرخان دۆلەمەری



فەرماندەی هێزی پێشمەرگەو هەڤاڵ و هاوسەنگەری سەرۆک مصطفى بارزانی بووە،
لە ڕۆژگارە سەختەکانی شۆڕشدا هەمیشە لە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و پێشمەرگایەتیدا دەمێنێتەوە.
(حسۆ میرخان أحمد سلێمان - دۆلەمەری ) لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی (خەردن) لە عەشیرەتی دۆلەمەری لەسنوری دەڤەری بارزان، لەدایک بووە.
باوکی حسۆ میرخان (میرخان أحمد دۆلەمەری ) لەسەردەمی شێخ ( عبدالسلام بارزانی) دا،چۆتە بارزان و چەکی خەبات وخزمەتی گەلی کوردی،هەڵگرتووە،لەکۆماری کوردستانیشدا دلێرانەبەشداری کردووە.

لەساڵی ١٩٤٣ ز. حسۆ میرخان لەدژی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتییدا، لەگەڵ هەڤاڵانیدا لە چیاکانی کوردستان چەک هەڵدەگرێ ودەجەنگن.
دوای گەڕانەوەی بابەگەورە سەرۆک مصطفی بارزانی لە سلێمانیەوە بۆ بارزان، پەیوەندیی پێوە دەکات.
لەساڵی ١٩٤٥ ز. حسۆ میرخان دۆلەمەری لەگەڵ هەڤالانی بەشداری داستانی (مەیدان موریک) دەکات، لەهەمان ساڵدا بە بنەماڵەوە ئاوارەی ئێران دەبن.
لەساڵی ١٩٤٦ ز. حسۆ میرخان وەک ئەفسەرێک بەشداری لە کۆماری مەهاباددا دەکات.
لەساڵی ١٩٤٧ز. لەبەرەی شەڕی (گۆجار) کە پێشمەرگەکانی بارزانی بەرگریان لە کۆمار دەکرد ، ئەوکات بەسەختی بریندار دەکرێ.
لەساڵی ١٩٤٧ز. دوای ڕوخای کۆماری مەهاباد ،بەبرینداری لەگەڵ سەرۆک بارزانی و هاوسەنگەرەکانی بەرەویەکییتی سۆڤیەتی جاران بەڕێ دەکەون.
لە ساڵی ١٩٤٩ز. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەگوازرینەوە بۆ ناوچەی (سیبیریا) لەوێ ژیانێکی پڕ لە ئازار و دور لە هاوڕێیانی دەباتەسەر.
لە ساڵی ١٩٥٤ز. بڕوانامەی (ئەندازیاری ڕووپێوی) لە ڕوسیا بەدەست دێنێت.
لەساڵی ١٩٥٩ز. لەگەڵ هەڤالانی دوای ١٢ ساڵ دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان.

لەهەمان سالّدا بەناونیشانی (ئەندازیاری زەویو زار) لە ئیدارەی کشتوکالّی کەرکوک دامەزراوە.
دواتر بۆ (ڕووپێوکردنی کشتوکالّ) ی ڕەوانە دەکرێت بۆ (دۆلّی بالیسان و خەلیفان و سرێشمە).
لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١،سەرۆک بارزانی ئاگاداریدەکات بگاتە ڕیزەکانی شۆڕش و دست بەکاردەبێت . لەشەڕەکانی چیای (قەلەندەر) و (گەردن حوشتر) بەشدار دەبێت.
لەکۆتاییەکانی سالّی ١٩٦١ز. لەگەلّ بارزانی بەرەو دەڤەری بادینان بەڕێ دەکەون ، خەلّکی بادینانیش قارەمانانە بەشداری دەکەن و گۆڕانکاری بەرچاو لە ئەنجامەکان دروست دەبێت و شۆڕش دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و سەرکەوتن بەدەست دێنن.
لە دەڤەری بادینان چەندین داستانی مەزن تۆمار دەکەن، وەک : (سەرزێڕی، کانی ماسێ ، پرا بلبل ، زاوێتا ،لۆمانا ، جۆنجهان ، سوارەتوکا ) وچەندین سەرکەوتنی مەزن بۆ شۆڕش تۆمار دەکەن.
لە سالّی ١٩٦٣ تا سالّی ١٩٧٠ز بەفەرمانی بارزانی دەبێتە (ئامر هێزی شێخان و ئاکرێ) و ڕۆلّێکی کارا ی دەبێت لەبواری پرسە کۆمەلّایەتیەکاندا، وەک بابەتی ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئاینەکانی ناوچەکەدا.
لە سالّی ١٩٧٠ز. حسۆ میرخان دۆلەمەری دەبێتە فەرماندەی فەوجی (٩)ی پاسەوانی سنور لەدەڤەری (شێخان و ئاکرێ).
دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لەسالّی ١٩٧٥ز. ئاوارەی ئێران دەبێت و لە (ئۆردووگای زێوە) نیشتەجێ دەبێت.
لەهەمان سالّدا ڕژێمی ساواکی ئێران بلّاوە بە ئاوارەکان دەکات و خۆی و بنەمالّەکەی و کەسو کارەکانی بە زۆرە ملێ دەگوازنەوە بۆ

(مەشـهەد) و لەسـەر سـنوری ئەفغانسـتان و ڕوسـیا نیشـتە جێیـان دەکەن.
لەسـاڵی ١٩٧٦ز. لەسـەر فەرمـانی بـارزانی خـۆی و بنەمـاڵەکەی دەگەڕێنـدرێنەوە بۆشـاری کەرەج و لەنزیـک مـاڵی سـەرۆک بارزانییەوە نیشتەجێ دەبن.
لە دوای بەرپـابوونی شۆڕشـی گـوڵان ، ڕۆڵێکـی بـاڵا دەبینێـت لە ڕێکخسـتنی ئاوارەکـان. بـۆ چەنـدین جـار ڕژێمـی سـاواکی ئێـران هەڕەشـەی لێدەکەن و پێیـدەڵێن دەسـت لەو کـارە هەڵبگـرە، بەڵام گوێیـان لـێ ناگرێـت و پێیـان دەڵێـت: ( مـن خزمەتـی میللەتـی خـۆم دەکەم و هەرگیز پاشگەز نابم).
لەسـاڵی ١٩٧٩ز. بەشـداری لە کـۆنگرەی (٩)ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەکـات و بەبڕیـاری سـەرکردایەتی دەبێـتە فەرمانـدەی کەرتـی (١) لەسـنوری (مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ) کەبارەگـاکەی لە (ڕاژان) دەبێت و بەرپرسـیاریەتی و پاراسـتنی مەکتەبـی سیاسـی لە ئەستۆ دەگرێ.
لە ساڵی ١٩٨٣ز. لە (چیای قەندیل) لە (دۆڵی شەهیدان) لە شـەڕێکی قورسـدا خـۆی  و ژمـارەیەک پێشـمەرگە بەسـەختی بریندار دەبن و کۆمەڵێـک فەرمانـدە و سـەرقۆڵی دیـاری شـۆڕش لەم شۆڕشـە دا شەهید دەبن.
لە ساڵی ١٩٨٨ز. وەک (فەرماندەی هێزی ئاوارە) بەشداریەکی بێ وێنە لە داسـتانی (خواکـورک) دەکـات ، کە بەسـەرکردایەتی هێـژا سـەرۆک مسـعود بـارزانی دەبـێ وسـەرکەوتنێکی مەزن تۆمـار دەکرێت و دەبێتە مژدەی ئازادی بۆ نیشتیمان.

له ساڵی ۱۹۹۱ز. بەشداری له ڕاپەڕینی کوردستان دەکات و لەگەڵ ( فەریق بابەکر ) (بەرپرسیاریەتی دەڤەری بادینان )له ئەستۆ دەگرێ.
له ساڵی ۱۹۹۳ز. بەفەرمانی ڕێزدار سەرۆک مسعود بارزانی، وەک (بەرپرسی لیژنەی باڵای کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان) دیاری دەکرێت.
ڕەوانشاد حسۆ میرخان دۆڵەمەری بەژداری له کۆنگرەی (۹،۱۰،۱۱) ی پارتی دیموکراتی کوردستان دا دەکات . له ڕۆژی ۱۹۹۳/۳/۱۸ لەلایەن هێژا سەرۆک مسعود بارزانی مەدالیای بارزانی پێدەبەخشرێت.
به داخەوه له ڕۆژی ۱۹۹٦/۱۱/۲۳ له تەمەنی ۷۱ ساڵیدا ،حسۆ میرخان دۆلەمەری) دڵەگەورەکەی له لێدان دەکەوێت و لەبارزان لەنزیک گوڵکۆی بابەگەوره سەرۆک بارزانی و هەڤاڵانی بەخاک دەسپێردرێت و دەگاته کاروانی نەمران.
ڕەوانشاد،حسۆ میرخان دۆلەمەری خاوەن چوارکوڕ و پێنج کچه ، هەموو ڕۆڵەکانی لەسەر ڕێبازی بابه گەوره سەرۆک بارزانی پێگەیاندوون.
کوڕه گەورەی : (سلێمان)، بەناوی (شەهید سلێمان)ی برای ناو ناوه، ئێستا ئەو ئەندازیاری تەکنەلۆجیای زانیاری(IT)ه له ئەنجومەنی وەزیران ڕاوێژکاره و کوڕەکەی دیکەی بەناوی (سیروان) دەرچووی کۆلێژی سەربازی زاخۆیه و بەپلەی (عمید) له هێزی پێشمەرگەی کوردستان خزمەت دەکات. کوڕەکانی دیکەشی: (دلۆڤان و شێروان) ، لەپێگەی تایبەتدا بەدڵسۆزی لەخزمەتدا بەردەوامن.

برایەکـــی ، بەنــــاوی (ســـــلێمان میرخــــان دۆلەمەری) پێشـــمەرگە و ســـەرقۆڵەیەکی دیـــار بـــوو، لەگەڵ بـــارزانی و هەڤـــاڵانی بەشـــداری کۆماری مەهابادی کردووە و دواتر لەگەڵ سەرۆک بارزانی بارزانی و هاوسەنگەرانی دەچێتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو . لەسالی ١٩٦٢ لە دەڤەری (باعەدرێ) شەهید دەبێت.

برایەکـی دیـکەی بەنـاوی (حـاجی میرخـان) پێشـمەرگەیەکی دیـاری شۆڕشـــی ئەیلـــول و گـــوڵان و ڕاپەڕیـــنە، وەبەشـــداری لەچەنـــدین داسـتانی مەزن دا کـردووە و ئێسـتاش (بەرپرسـی دەزگـای ئەیلـولی سۆرانە) و هەلگری مەدالیای بارزانیە.

برایەکی دیکەی بەناوی (خدر میرخان) پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و گـولانە و موریـدێکی دڵسـۆزی بـارزانە و کەسـایەتیەکی دیـاری دەڤەرەکەیە.

(حسۆ میرخـان دۆلەمەری) خـاوەن کەسـایەتیەکی بەهێـز و کـاریگەر بوو، جێگای متمانەی نەمر مصطفی بارزانی و سـەرکردەی لێهـاتوو ئیدریس بارزانی و هێژا سەرۆک مسعود بارزانی بوو.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ پێنجەم کەس ڕەوان شاد ( حسۆ میرخان دۆلەمەری)

هێدی شاعیر بە کۆپلە شعرێک باسی حسۆ میرخان دۆلەمەری دەکات و دەڵێت:

کوانێ حسۆی دۆلەمەری
کوڕی گەل، کوڕی بەوەفا
سروشت بەرزی هەڵۆ شێوە
سەری ئاکرێ و شوش و شەرمن
مەیدان موریک سەری بەردی

کوڕی شانۆی دلاوەریی
پەروەردەی زانکۆی مستەفا
گشت جێی مۆری شەرەف پێوە
دینارتێ و شێروانی مەزن
حسۆیان دیت هەر بە مەردی.

# عەلی خەلیل خوشەوی



لەسالی (١٩٢٥) لەگۆندی سیلکی دەڤەری بارزان لەدایک بووە لەبەر ئەوەی باوکی یەکێک بوو لەسەرکردە دیارەکانی شۆرشی (١٩٣٢) ی بارزان لەسالی (١٩٣٣) لەلایان حکومەتی ئەوسای ئیراقەوە بنەمالەکەیان بۆ ناوەراستی ئیراق گوازراونەتەوە و لەشارەکانی (هیت و تلعفر و رومادی) خراونەتە ژێر ئیقامەی جەبری دوای شەهید بونی باوکی لەسالی (١٩٣٦) حکومەتی ئێراق رێگای پیدان بگەرێنەوە کوردستان و لەگۆندی بیراکەپرا ی دەڤەری زێبار نیشتەجێکران و خراونەتە ژێر ئیقامەی جەبری .

لەسالی (١٩٤٣) چەکی پێشمەرگەیەتی کردوتە شان و بەشداری شۆرشەکانی (١٩٤٣) و (١٩٤٥)ی بارزانی کردووە.

لەسالی (١٩٤٦) لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمردا وەکو فەرماندەیەکی لێهاتوو بەشداری لەپاراستنی کوماری کوردستان کردوە .

لەرێرەوە مێژوویەکەی پەرینەوەی ئاراس یەکێک بوو لەهەڤالانی بارزانی نەمر.
لە یکیتی سوفیەت کولیژی علومی سیاسی بە دەست هیناوە .
لەسالی (١٩٥٩) لەگەل بارزانی نەمر گەراوەتەوە ئیراق .
لەسالی (١٩٦١) لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر بەشداری یەکەمین چالاکیەکانی شۆرشی مەزنی ئەیلولی لەدەڤەری بادینان کردوە و بەشدار بووە لە داستانەکانی (زاویتە) و (لومانا) و (گەلیی قنتارا ١٩٦٢) و....هتد.
لەبەهاری (١٩٦٢) بەبریاری بارزانی نەمر بوتە فەرماندەی هێزی دهوک بەدرێژایی تەمەنی شۆرشی مەزنی ئەیلول لەو بەرپرسیاریەتیە ماوەتەوە و بەدلسۆزی و سەرکەوتوویی هەموو کاروبارەکانی شۆرشی لەسنوری هیزی دهوک بەرێوە بردووە دەیان داستانی مەزنیان بەسەر هیزی ئیراقیدا تۆمارکرد.
لە سالی (١٩٦٢) بە هوی بومبەبارانی فروکەکانی رژێم بریندار بووە و پێشمەرگە (شریف مکائیل – سیلکی) شهید بوو.
لە سالی (١٩٧٠) پاش ریککەوتننامەی یازدەی ئادار کرا بە ئامر فەوجی٨ ی پاسەوانی سنوور.
لە سالی (١٩٧٤) لە سەر ئەمری بارزانی نەمر کە فەرمانی بە (ئەسعەد خوشوی) کرد هەر هیزیک بەتالیونیک بە سەربەرشتی و فەرماندەیی (علی خلیل) بچن بو بە هاناوەچوونی جەبهەی زوزک و هندرین و لە وانەش:

- بەتاليوني هیزی ئامیدی (تەیمەز ئارەب ) ئامربەتالیون .
- بەتاليوني هێزی زاخو(سید عبوش ) ئامر بەتالیون کە بریندار بو دواتر بەو برینانە شهید بوو .

- بەتاليوني هيزى دهوك (احمد حجى محى) ئامر بەتاليون كە لە زوزك شهيد بو .

دواى نسكوى شۆرشى ئەيلول لە سالى (١٩٧٥) ئاوارەى ئيران بوە لەسالى (١٩٧٦) و لەسەرەتايى شۆرشى گۆلاندا وەكو سەركردەيەكى مەيدانى رۆلێكى كاريگەرى گيراوە بەدرێژايى شۆرشى گۆلان وەكو ياريدەدەرێك لەگەل (ئيدريس بارزانى) و (سەرۆك مەسعود بارزانى) و زور لييان نزيك بوە بەحكومى ئەوەى كورى شەهيد (خەليل خوشەوى) بوە لاى بارزانى نەمر خوشەويست بووە و بەدرێژايى ئەو سالانەى كە لەيەكيتى سوڤيەت بوون بارزانى نەمر لاى خوى داناوە و هەوليداوە وەكو سەركردەيەك پەروەردەى بكات و پێى بگەيێنێت لەبەر ئەوە (عەلى خەليل) بەدرێژايى تەمەنى خۆى لەبزوتنەوەى كوردايەتيدا وەكو كەسيكى دەسپاك و دلسۆزو راستگۆ خزمەتى بەرێبازى بارزانى نەمرو شۆرشى كوردستان كردوە لەناو خەلك و پێشمەرگەدا كەسێكى خوشەويست بوو .

لە شورەشى گولان بەرپرسى قاطعى٢ ى لەشكرى كوردستان بووە.

لە ١٩٩٦/٨/١٦ لە يوبيلى زێرينى پارتى مداليای بارزانى لە لايەن سەروک مسعود بارزانى پێى بەخشراوە.

مخابن لە ريكەوتى (٢٠١١/١/٢١) لەهاوينەهەوارى پيرمام بۆ هەميشە مال ئاوايى لە كورد و كوردستان كرد و لە گوندى سێلكێ بە خاك سپێردراوە.

# عیسی سوارعیسی



لەسالی(١٩٢٦) لەگوندی سێلکێ لەدایک بوە .
بەشداری لە شۆرشی (١٩٤٣) و (١٩٤٥)ی بارزان کردووە .
لەسالی (١٩٤٦) لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر وەکو فەرماندەیەکی قارەمان بەرگری لەکوماری کوردستان کردوە.
لە رێرەوە مێژوویەکەی دەرباز بوون لەرووباری ئاراس یەکیک بوو لەهەڤالانی بارزانی نەمر.
لەسالی (١٩٥٩) لەگەل بارزانی نەمرو هەڤالانی گەراوەتەوە ئیراق.
لەسەرەتای دەست پێکردنی شورەشی ئەیلولی مەزن لە سالی (١٩٦١) و لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر لەدەڤەری بادینان وەکو فەرماندەیەک بەشداری چالاکیە سەرەتایەکانی شۆرشی ئەیلولی کردووە.

لەسالی (١٩٦٢) بەفەرمانی بارزانی نەمر بووە فەرماندەی هیزی زاخـۆ بەدریژایـی تەمەنـی شۆرشـی ئەیلـول لەو بەرپرسـیاریێتیەدا مـایەوە دلسـۆزانە و بەوپەری قارەمـانیێتی و ئـازایەتیەوە وەکـو فەرماندەیەک دەیان داستانی مەزنی بەسەر هیزی ئێراقیدا تۆمارکرد داسـتانەکانی (عەیـن زالە) و (مەتـین) و (ئـاڤ گەنیـێ) و (بانیـا نیرگزینـێ) و (گەلیـێ سـپی) و (گەلیـێ زاویـتە) دیـارترینی ئەو داستانانە بوون زۆربەی شارەزایانی مێژووی شۆرشی ئەیلول لەو بـاوەرەدان هیـزی زاخـۆ بەفەرمانـدەی (عیسـا سـوار) سەرکەوتوترین هێز بوو دۆژمن بەردەوام لەو سنورە تێک دەشکا بۆ یەکجاریش هیزەکانی ئیراقی نەیانتوانی بەسەر (عیسا سوار) و (هیزی زاخۆ)دا سەرکەون (عیسا سوار) لەدانانی نەخشەو پلانی سەربازی هێندە ئازا و لێزان بوو کە ئەفسەرە بالاکانی ئێراقی توشـی سەرسـورمان کردبـوو دوای نسـکوی شـۆرش (سـەعید حەمـوو) کەیەکێـک بـوو لەژەنەراله بەرزەکـانی سـوپای ئێـراق سەردانی گوندی سیلکی کرد و هەر بەگەیشتنی بانگی موختاری گوندەکەی دەکات و پێی دەلێ من هاتووم خانۆی (عیسا سوار) ببینم ! بەرێکەوت ئەو شوێنەی (سەعید حەموو) لێی دانیشتبوو خانۆی (عیسا سوار) بوو ،کرابووە شوێنی فەرماندەی لیوایەکی سوپای ئیراقی کە لەوێ جێگیر کرابوو بویە موختار روو لە (سەعید حەموو) دەکات و پێی دەلێ: ئەم خانوەی تۆ لێی دانیشتووی خانۆی (عیسا سوار)ە (سەعید حەموو) دوای ئەوەی چاوێک بەخانوەکەدا دەگیرێت دەلێت (عیسا سوار) سەرکردەیەکی قارەمان و ئازا و کەم وێنەبوو من و هەڤالانم لەسوپای ئێراق بۆ چەندینجار لەمەیدانی شـەردا رووبەرووی بـوینەوە بەلام ئەو لەدانـانی نەخشـەو پلانـی

سەربازیدا هێندە ئازاو شارەزا بوو هەمیشە ئێمەی تێک دەشکاند و بەسەرماندا سەردەکەوت من پێم وابوو سەرکردەیەکی بەو شێوەیە دەبێت کوشکێکی شاهانەی هەبیّ بەلام دەبینم خانوی ئەویش هیچ جیاوازیەکی لەگەل خانوەکانی دیکەی گۆند نیە دیارە ئەمەش یەکێکە لەو نهێنیانەی کە لەهیزو قودرەتی مەلا (مستەفا بارزانی) دا هەیە .

لە سالی (١٩٦٣) کوریکی بە ناوی (محمد عیسا سوار) لە داستانی مەزنی چیای مەتینا لە گەل چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تر شهید بووە.

لە سالی (١٩٦٧) بە هوی بومبەبارانی فروکەکانی رژێم بە خوی و چەندین کەس لە بنەمالەکەیان لە ناوچەی (لێڤی) بریندار دەبیت.

لە سالی (١٩٧٠) پاش ریککەوتننامەی یازدەی ئادار کرا بە ئامر فەوجی٤ ی پاسەوانی سنوور.

مخابن لەرۆژی لە ١٩٧٥/٣/٢٠ بەپیلانێکی دارێژراوی مخابراتی ئیراقی چەند کەسێکی خائین و نیشتمان فرۆش بەخیانەت کوتاییان بەژیانی ئەم قارەمانە مەزنە هێناو شەهیدیان کرد هەر وەها لە گەل ئەو دوو پێشمەرگەی قارەمانی تر بە ناوەکانی (علی احمد – دیزویی) و (علی صالح – ماوەتی) شهید کران و لە گوندی بەرچیّ ی دەڤەری ئامێدی بە خاک سپێردراون.

بەشەهید بونی عیسا سوار کوردو ریبازی بارزانی نەمر یەکێک لەدلسۆزترین و قارەمانترین سەرکردەکانی لەدەستدا .

# سەلیم ئەسعەد خوشەوی



لە سالی (١٩٤٣) لە گوندی بیرەکەپرا دەڤەری زێبار لە دایک بوە لەسالی (١٩٤٥) خێزانەکەیان ئاوارەی رۆژ هەلاتی کوردستان بوون لەسالی (١٩٤٧) خیزانەکەیان لەگەل هەموو ئەو بارزانیانەی لە رۆژهەلات بوون گەراونەتەوە باشوری کوردستان و لەلایان حکومەتی ئێراقەوە خراونەتە ژێر ئیقامەی جەبری لەسالی (١٩٥٤) گەراونەتەوە گوندی سێلکێ لەسالی (١٩٥٨) دوای دوانزدە سال باوکی لە یکیتی سوفیەت گەراوەتەوە کوردستان و بەدیداری شاد بوتەوە.

لەسەرەتای شورەشی ئەیلولی مەزن سالی (١٩٦١) چەکی پێشمەرگایەتی کردوتە شان و لەگەل بارزانی نەمر چووتە دەڤەری بادینان بە شداری داستانە مەزنەکەی گەلی زاویتەی کردووە و هەر

لەو شـەرەش بە سـووکی بریـندار بـووە و هەر لەم سـالە بـوتە پاسـەوانی تـایبەتی بـارزانی نەمرو  تـا کو سـالی (١٩٦٤) لەو ئەرکە بەردەوام بووە .
لە سـالی (١٩٦٤) دوای ئەوەی کە بـارزانی نەمـر هەسـتی کـردوە (سەلیم ئەسعەد) وەکو گەنجێک لەهەموو روویەکەوە پێ گەیشتوەو دەتوانێت وەکو فەرماندەیەکی دلسۆز خزمەت بکات بریاریدا (سەلیم ئەسعەد) ببێتە فەرماندەی هێزی ئامێدی.
لە سالی (١٩٧٠) پاش ریککەوتننامەی یازدەی ئادار ,  کرا بە ئامر فەوجـی٣ ی  پاسـەوانی سـنوور و تـا نسـکوی شۆرشـی ئەیلـول (١٩٧٥)  بەدلسـۆزی هەمـوو کاروبارەکـانی سـنوری هیـزی ئامیـدی بەریوەبردوە .
لەسالی (١٩٧٥) ئاوارەی ئیران بوە.
لەسالی (١٩٧٦) لەسەرەتای شۆرشی گولان بەشداری کردووە.
 لە سـالی (١٩٨٤) ریکخسـتنی پێشـمەرگایەتی وەکـو ریکخـراو رێکخران و ناوی رێکخراوەکەیان بووە (رێکخراوی شهید خوشوی) و  (سەلیم ئەسعەد) بووە بەرپرسی ئەو رێکخراوە .
پاشـان لە سـالی (١٩٨٦) لە سـەر ئەمری جەنابی سـەروک بـارزانی (سەلیم ئەسعەد) کرا بە بەرپرسی قوەتی (شهید خوشوی).
 لە سـالی (١٩٨٨)  فەرمانـدەی هێـزی خەبـات بـووە و رۆلێکـی جـوامێرانەی لەخەبـاتی شـۆرگیری و رزگـاریخوازی کوردسـتاندا گێـراوە بەشـداری راپەریـن و داسـتانە مەزنەکەی شـەری کـورێ کردووە و تا کو لەسالی (١٩٩٣).
لەسـالی (١٩٩٣) بەفەرمـانی سـەرۆک بـارزانی بوتە ئەندامی لێژنەی بالای ناوچەی بارزان و تا کو ئێستاش لەو ئەرکە بەردەوامە.

له ٢٠١٠/١٢/١٥ له كونگرەی سێزده مدالیای بارزانی له لایەن سەروک مسعود بارزانی پێی بەخشراوه.



# محمد أمین میرخان مێرگەسووری



هـەڤاڵ و هاوسـەنگەری بابەگەورە سـەرۆک بارزانی و فەرماندە لە کۆماری مەهاباد و سەرقۆڵەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول.شـەهید محمـد أمـین میرخـان مێرگەسـووری سـالی ١٩١٧ لـە شـارۆچکەی مێرگەسـوور لەسنوری دەڤـەری بـارزان لـە عەشـیرەتی شـێروانی لەدایک بووە,سالی١٩٣٤ لەتەمـەنی ١٨ سـاڵی دەبێتـە پێشـمەرگە لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی خەلیل خۆشەویدا.

لـە کـاتی گەڕانـەوەی سـەرۆک بـارزانی بـۆ نـاوچەی بـارزان (سـاڵی ١٩٤٣)، لەگەڵ هەڤاڵانی دژی دەسـەڵات لەچیاکان سـەرگەرمی بزاڤی چەکداری دەبێ.

وەک فەرمانـــدە لـــە هێـــزی بـــارزان بـــەشـــدار دەبێـــت لـــەگرتنی مەخفەرەکانی مێرگەسوور و شانەدەر و خێرزوک و دەشتی هـەڵونا و سەری بەردی . جارێکی دیی بریندار دەبێت.

ساڵی ١٩٤٥ز. محمد أمین میرخان و خانەوادەکەی لەگەڵ شەپۆلی ئاوارە بوونی خەڵکی دەڤەری بارزان، ئاوارەی ئێران دەبن، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ ڕۆیشتنی هێزی بارزانیەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ هاوسەنگەرانی بەشداری داستانی (مەیدان موریک) دەکات.
لەساڵی ١٩٤٦ز. لەژێر فەرماندەی سەرۆک بارزانی بەشداری سوپای کۆماری مەهاباد دەکات،بە ناونیشانی فەرماندە ،بەپلەی نەقیب لە فەوجی ١ی عقید بەکر حوێزی.
و لەبەرەی شەڕی (قاراوا و ملقەرنی) ڕۆلێکی قارەمانانە دەگێڕێت وە پاڵێوراو دەبێت بۆ وەرگرتنی مەدالیای ئازایەتی کۆماری مەهاباد.لەکاتی هەرەس پێهێنانی کۆماری کوردستان وخۆبەدەستەوە نەدانی هێزی بارزانی، لە ڕێگادا ڕووبەڕووی دوژمن دەبنەوە، لە شەڕەکانی (نەتوس و هەڵج و گۆجار) شکستی گەورە بەدوژمن دەهێنن.
دوای شکست پێهێنانی کۆماری مەهاباد، ساڵی ١٩٤٧ز. لەگەڵ سەرۆک بارزانی وهەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڕێ دەکەون و لە باکۆی پایتەختی ئازربیجان نیشتە جێ دەبن.
ساڵی ١٩٤٨ز. مەشقی سەربازی لە باکۆی پایتەختی ئازربیجان بینیوە و پلەی ئەفسەری پێبەخشراوە, ساڵی ١٩٤٩ز. لەگەڵ ١٥ هاوڕێی دەگوازرێنەوە بۆ (دورگەی مویناک) لە ناوەڕاستی دەریاچەی (ئۆراڵ)، نزیکەی سێ ساڵ لەوێ دەمێننەوە و ژیانێکی دژوار دەبەنەسەر ساڵی ١٩٥٤ بەیاوەری ،نەمر سەرۆک مصطفی بارزانی چۆتە مۆسکۆ و خوێندنی ئەکادیمیای سیاسی (پارتی سکوڵ)ی لەوێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٩ز. لەگەڵ هەڤاڵانی دوای (١٢) ساڵ غەریبی،بەسەربەرزی دەگەڕێنەوە نیشتیمان لەکۆتایی

ساڵی ١٩٥٩ز. دەبێتە مامۆستا لە (ڕەواندز) ،لەهەمان کاتدا دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
سالی ١٩٦١ز. دوای بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، وەک فەرماندەیەک بەشداری شۆڕش دەکات و لەگەڵ هاوسەنگەرانی قەزای مێرگە سوور لەدەست دوژمنان ڕزگار دەکەن.
لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ز. لە (دەشتی هێرت)ەوە بە هامڕای سەرۆک بارزانی و هەڤاڵانی بۆ جاری دووەم لە (ڕووباری شین) دەپەڕنەوە وبەرەو بادینان بەڕێ دەکەون.
لە ١٩٦١/١٢/١٢ز. وەک سەرقۆڵەیەکی مەیدانی، سەرپەرشتی داستانی (زاویتا-لۆمانا)دەکات و لە (بێرگادرێش) لەگەڵ هەڤاڵانی سەربەرزیەکی مەزن بۆ شۆڕش تۆمار دەکەن لە دەڤەری بادینان وەک سەرقۆڵەیەکی پێشمەرگە ی شۆرش ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت بەتایبەتی لە داستانەکانی (سەرزێڕی،مەتینا،سەرێ ئامێدی، پڕابلبل،قەشەفرێ).
لە دەستپێکی ساڵی١٩٦٢ز. بەر لەوەی لەشکری بارزانی بەرەو دەڤەری سۆران بەڕێ بکەوێت، بە فەرمانی سەرۆک مصطفی بارزانی، بە ناونیشانی فەرماندەی هێزی لێکدەر دەسنیشان دەکرێت.
لە ٧ی ئازاری ساڵی ١٩٦٢ز. لە شەڕێکی قورسدا دژ بە سوپا و جاشەکان لە دەڤەری شێخان لە گوندی (مریبا) بەسەختی بریندار دەبێت و دواتر بۆ چارەسەری دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە شاری موسڵ. بە داخەوە لە ١٩٦٢/٣/١٨ کە بۆ چارەسەری لە نەخۆشخانە بوو لە موسڵ، بە پیلانێکی تیرۆرستی بەدەستی چەند خۆفرۆشێک هیرش دەکرێتە سەری و شەهیدی دەکەن.

لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٦٢ز. تەرمی پیرۆزی شەهید محمد أمین میرخان لە موسڵەوە دەگاتەوە دەڤەری بارزان و لە مێرگەسوور لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک دەسپێردرێت و دەگاتە کاروانی نەمران.
شەهید محمد أمین میرخان مێرگەسۆری خاوەنی ٣ کوڕ و ٣ کچە، دوو کوڕەکەی (میرخان و محیدین ) لە شۆڕشی ئەیلول، وەک پێشمەرگە لەگەڵ باوکیان دا بوونە و (میرخان)ی کوڕی بە مەدالیای بارزانی خەڵات دەکرێت . بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە (فرۆشاهی) کوڕیشی دوای ٥٠ ساڵ مانەوە لە ڕوسیا بە بنەماڵەکەی شاد دەبێتەوە ، بەداخەوە ئەویش لە ژیاندا نەماوە.
شەهید محمد أمین میرخان مێرگەسووری، چیرۆکی خزمەت و قوربانی لە بارزانەوە تا کۆمار و بۆ سۆڤیەت تا ئەیلول لەگەڵ بابە گەورە سەرۆک بارزانی تۆمارکرد و کوڕ و نەوەکانیشی بەهەمان ڕۆح لە شۆڕشی ئەیلول تا گوڵان لەگەڵ ڕەوانشادی لێهاتوو ئیدریس بارزانی و سەرۆکی کورد وکوردستان هێژا مسعود بارزانی، بۆ ڕاپەڕین و تا ئەمڕۆش بۆ خزمەتی کوردوکوردستان بەردەوامن.



دانیشتوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ سێهەم کەس سەرۆک بابە گەورە ( مصطفی بارزانی )

# أحمد شاباز

## کەسایەتیەکی دیار و ناودار



ڕۆژی یەکشەممە ٥/مایس/١٩٦٣، ئەو سەرقۆڵ و لێپرسراوانەی لەناوچەی بادینانەوە هاتبوون بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی شاری (کۆیە)، سبەینێ هەموویان لەگوندی (سرێشمە)وە کە ئێمەی لێین، بەرەو (بادینان) دەگەڕێنەوە. سەرۆک بارزانی لەماڵی (أحمدشاباز) کۆبوونەوەی لە گەڵدا کردن و ئەو ئامۆژگاریانەی بۆ ئاشتی و دۆخی شەڕ پێویستە بەوردی ڕوونی کردەوە بۆ ناوبراوان. کاتێ گەیشتینە گوندی (سرێشمە)، یەکەم شەو لەماڵێ بێتەلەکەمان دامەزراند، بەڕێکەوت (عومەر ئاغای سورچی)یش لەهەمان ماڵ بوو. (أحمد شاباز) کەسایەتیەکی دیار و ناوداری ناوچەکە بوو قسە خۆش و بلیمەت خۆشەویستی گوندەکە بوو. بەتاقەت و دەستو برد، گوندەکە بە ئەودا دەناسرایەوە (سرێشمەی

أحمد شاباز) نەک (أحمد شابازی سرێشمەیی). سرێشمە لە شۆرشی ئەیلولدا، بەدەستی جاش وسوپا سێ جار سووتێنراوە.



ئەم وێنەیە: (لەراستەوەبۆ چەپ ریزی پێشەوە ١.نەناسراو ٢.مجید أحمد شاباز.

٣.فرهاد برایم أفندی٤ .شاباز أحمد شاباز ٥.برایم اغا عمرأحمدشاباز)

لە کورەکانی (أحمد شاباز) (تمر) برابچوکیان بوو

لە بارەی بارزانییەوە (تەمەر) نووسیویەتی:

بارزانی کەسایەتیەکی تایبەت، خاوەن کاریزما، هەستی قووڵی نەتەوەیی ،بەئیرادە وباوەرێکی بەهێز، ئاکار و رەفتار بەرز (تەمر) لە یاداوەرییەکەیدا نووسیویەتی:

لەرێکەوتی ١٩٦٢/١١/٧ لە گەڵ(عمرآغای دۆلەمەری) نامەی (أحمد شاباز)ی باوکم پێ بوو لە چیای (بەردی تەشیرێس) بەرامبەرشارۆچکەی حاجی هۆمەران ،تەمەر ، دەڵێ: چوومە خزمەت بارزانی.بارزانی ئەمری کرد وەڵامی نامەی

(أحمد)دەنێرینەوە ،فەرمووی(تەمر تۆ لێرە بمێنەوە مە شۆلا ب تە هەی).
ساڵی ١٩٦٤ بەهـامڕای (عمـر اغـای دۆلەمەری)و(محمـد عیسـی مێرگەسۆری) وچەند پێشمەرگەیەک لە گوندی(دیلمان)،تەمەر، دەبێتە پاسەوانی بارزانی.




(لای چەپی بارزانی ،شەهید نبی حسن عەولا ناسراوبە (نبی سەرئاسن) لای راست (شەهید حالی محمد دۆلەمەری)

(تەمـر) لە سـەربردەی خـۆی بەردەوام بـوو دەربـارەی سیاسـەت وکوردایەتی گووتی: ماوەی موکەلەفیم لە فەوجی دوو لیوای (٢)ی تـدریب تەواوکـرد. لەهەولێـر، سـالی(١٩٥٢) لە بـاخچەی (مزگەوتـی ڕئـیس صـبری خۆشـناو)، لەکـاتژمێر چـواری عەسـر ١٩٥٢/٤/١٢ کۆبوونەوەیەکمان کرد لە سەردەستی برای خۆشەویستمان (سـەید عزیزسـەید درویێش)، خەلکی گەڕەکی شۆریجەی کەرکوک ،شـەرەفی ئەندامەتی پارتی دیموکراتی کوردستانم پێ درا .ئەوکات (شێخ أحمد

بارزانی) له باب المعظم له گرتوخانەی گشتی نزیک وەزارەتی دیفاع له هۆدەی إعدام دابوو،له سەرشۆرشگێری ودڵسۆزی بۆ خاکی نیشتمان. سەرۆک(مستەفا بارزانی) باوکی کورد و باوکی هەژاران، له یەکێتی سۆڤیەت بوو، دوای ئەوەی که له کۆماری کوردستان له مهاباد دەورێکی کاریگەری هەبوو بۆ بەرگری کردن و رێکخستنی کۆماری کوردستان ، به دەستی چەپەلی دوژمنان و دەسەلاتی ئەو کاتی ئیران لەباربرا وبارزانی وەکو کاراکتەر و کەسایەتی بەرچاوی کۆمار نەیتوانی بگەڕێتەوه کوردستانی باشوور، لەگەل (شێخ أحمدبارزانی)ی برا گەورەی، بریار دەدەن (شێخ أحمدبارزانی ) بگەڕێتەوه کوردستانی باشوور (سەرۆک مستەفا بارزانی)ش بچێته یەکێتی سۆڤیەت. ئەوە بوو لەگەل زیاتر له (٥٠٠) پێشمەرگه بۆ ئەوەی ژیلەمۆیی خەبات به درەوشاوەیی بهێڵنەوه بەرەویەکێتی سۆڤیەت بەرێکەوت . مێژوو شاهێدی دەدا ورەی پۆڵاین وئیرادەی بەهێز و هیوا و باوەری به ئامانجی نیشتمان بوو و باوەری به دۆزی گەلەکەی بوو(بارزانی)ی له کاتی شکستیشدا ئومێدی زیندوو دەکردەوە. بەر لەوەی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەرێ بکەوێت بۆ زیندوو کردنەوەی روحی کوردایەتی له ناخی تاکی کورد کەسێک به ناوی(عبدالباقی ئاکرەیی) رەوانەی کوردستانی باشوور دەکات. یەکەم وێستگەی هاته سرێشمه لای(أحمدشاباز)ی باوکم بارزانی دوربینێک و دەمانچەیەکی به دیاری بۆ باوکم ناردبوو، له سەر فەرموودەی جەنابیان ، دوای سلاوی خودا و سلاوی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری( عبدالباقی) پەیامی سەرۆک بارزانی دەگەیێنێت که فەرموو بووی به (أحمد شاباز) بڵێ غەمی ئێمەی نەبێت، به پشتیوانی خوا دەگەڕێینەوه و شۆرش

هەڵدەگرسێنینەوە. دوای چەند رۆژێک لە مانەوەی لە سرێشمە براکانم(فارس و شاباز) و (ألیاس مولود و میران محمد) کە دوو چەکداری زۆر ئازا بوون، دەی گەێننە شەقڵاوە بۆمالی(صالح بەگی میران)ی شەقڵاوە. لە وێشەوە بۆ (قەڵاسنج)، دواتر دەشتی (زرارەتی) و(ئاکرێ) ولە وێشەوە دەچێتە ئامێدی لە بارەی بارزانی (تەمەر) گێرایەوە: سالی١٩٤٣ بە هۆی گەرانەوەی بارزانی لە سلێمانی بۆ ناوچەی بارزان حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان (٥٠،٠٠٠) دیناریان وەک خەڵات بۆ رادەستکردنی بارزانی تەرخان کردبوو، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ شۆرشێکی سەرتاسەری و یکریزی نیشتمانی ویک هەلوێستی هۆزەکان دژی زولم و ستەم و چەوساندنەوەی حکومەتی ئەوسای عێراق لە ژێر هەژموونی داگیرکاری کۆلۆنیالی (ئینگلیز) بارزانی دەستی کرد بە سەردان ودانیشتن لە گەل چین و تویژ وهۆز و کەسایەتیەکانی کوردستان ، لە سەروبەندی هەول و تێکۆشانەیاندا یەکێک لە ویستگەکانی سرێشمە بووکە بە نهێنی سەردانی (أحمد شاباز) ی باوکمی کرد .لە پشت سرێشمە شوێنێک هەیە پێی دەڵێین (کۆلانی بێریان) کە شوێنێکی بڵند و ستراتیژییە و دەروانێتە دەوروبەری خۆی . من(١٢) سالان بووم، باوکم دەیزانی من پرسیار ناکەم، منی لەگەڵ خۆی برد ،بۆ خزمەتی (بارزانی) . سێ کەس بوون ،دوویان لەسەر چۆک ،یەکیان تەنها پاڵی بە بەردێکەوە نابوو، بەبینینی باوکم هەستانە سەر پێ .ئەوەی پاڵی بە بەردەکەوە نابوو هەر کە چاوی پێ کەوتین گوتی ( أحمد) هاتی.. دوای چاک و چۆنی دوو کەسەکە کەمێک دوورکەوتنەوە، دواتر زانیم چەند پاسەوانێکیش لە

دەوروبەری هەن . لەگەڵ خـواردنی نـان و چـا گفتوگۆیـان دەکـرد، باسی لە زۆرداری و چەوساندنەوە و ئازاردانی خەڵکیان بوو. کاتی هاتووە دەبێت بە توندترین شێوە بەرپەرچ بدرێنەوە، راستە توانای دوژمـن زۆرتـرە لە ئـێمە، بەڵام بیروبـاوەر وملـکەچ نەبوونمـان و بەرگری و نکۆڵی بەردەوام زامنی مانەوەمانە. باوکم وتی: برا من و خەلکـی سرێشـمە هەردەم بە دڵسـۆزی و وەفـاداری و بـاوەڕەوە لەگەڵ ئێـوەین. بـارزانی جگەرەیەکـی دا بەبـاوکم و بـۆ خۆشـی دانەیەکی داگیرساند گوتی: ( أحمد ) دووژمن وا دەزانێت بە گـرتن و کوشتن دەتوانێت گەلێک کە خودا مافی ژیانی پێداوە لە ناوی ببات رۆژێـک دێـت حەق وراسـتی سـەردەکەوێت. شـەو مـایەوە ،رۆژی دواتر باوکم  بۆدلنیایی خۆی چەند پاسەوانێکی لە گەڵ نارد لەوانە: براکانم (عمراغا ، مجید ، شاباز و تۆفیق) ولەخزمانی گوند (ألیاس مولود، ملا محمود ، محمد میران ، سلیمان کانەبی ، أحمد کەریم خان ، نبی ناوخۆش ، خدر سلطان ، خدر رسول ، رسول ملا، قادر حسـن شـەروێن ، سـلیمان حمـد و رسـول محمـد زینـل) بـارزانی گەێنرایەوە ناوچەی بارزان.

(عبدالکریم قاسم ) کە ئامرلیوای ئیمە بوو لە سالی ١٩٥٨ کودەتـای کرد. ئەوەبوو (جەنەڕال مستەفابارزانی) لە یەکێتی سۆڤیەت گەرایەو جەنابیان شوێنی مانەوەیان  لەفندق سمیرا میس لە شارع رشید لە بەغداد بوو. من وەکو بەرپرسی حزبی لیواکەم بریارم دا بچمە لای بـارزانی بەلام لە لایەن رێکخسـتنە نەهێنیەکـانی حـزبەوە ئاگـادار کرامەوە کە حزبیەکان نابێت بە ئاشکرا بچنە لای بۆیە بە نەهێنی لە سـەربازگەکەمان دەرچـووم جلـو بەرگـی مەدەنـیم پۆشـی لە دەورووبەری فندەقەکە سوڕام ، دەرگایەک کە لەسەر ژوری چێشت

لێنانی فندق بوو کەوتبووە کۆلانی پشتەوەی ئوتێلەکە ، خۆم کرد بە ژوردا، شاگردەکان بانگیان کردم دەچی بۆ کویێ؟ وەلامێکی خێرام دانەوە، نەوەستام بەخێرایی بەرەو فندق بەسەرکەوتم. چوومە ئەو نهۆمەی بارزانی لێیبوو. کەسێک لەبەر دەرگای یەکێک لە ژورەکان لەسەر کورسیەک دانیشتبوو جلو بەرگی ناوچەی بارزانی لەبەردا بوو پەستەکێکی سپی و بەڵەک پێچێکی گوورج سلاوم لێی کرد. دەنگێکی لێوەهات بەلام نەمزانی چی گوت .گوتم: هاتووم بۆ خزمەت بارزانی. زۆر بە توندی بە زاراوەی خۆیی ووتی: هەڕە لێرە . سەرنجمدا دەرگاکەی لەبەردەمی دانیشتبوو کەمێک کرابوەوە بە دەنگێکی بەرز گوتم عەرزی بارزانی بکە ،بلێ (تەمر)ی( أحمد شابازی ) هاتووە .دیاربوو بارزانی لە ژوورەوە گوێی لێ بوو. فەرمووی: ژێ گەرێ بلا (تەمر ) بێتە ژوور. کە چوومە ژووری حەپەسام، ئیتر چاوم نەتروکاند، نەفەسم راوەستا ،چۆن بلێی خۆشی و گریان تێکەلی یەکتر بوو. بۆ ساتێک هەستم کرد دلم لە لێدان وستاوە و ئارەقەیەکی ورد سەرتاپای لەشی داگرت. بیرم نایەت بە دروستی سلاوم کرد یان نە ، بارزانی فەرمووی: تەمەر توو بخێرهاتی توژی بوویە مرۆ (مەبەست لێی گەورەبوونە لە زاراوەی سورچی) من یەکسەر ئەو رۆژانەم بیرهاتەوە کە لە سرێشمە بارزانی مێوانی باوکم بوو من خزمەتم دەکرد، بەلام نەمدەزانی ئەوە جەنابی (مستەفا بارزانی )یە ، تا ئەو کات تەنها ناوی بارزانیم بیستبوو دواتریش کە بوینە تەنزیمی حیزب و کوردایەتیمان دەکرد زۆر بە گوڕوتین ، بارزانی ئیلهامێکی روحی بوو، بە خەیاڵ وێنەمان دەکرد .بارزانی دوای بەخێرهێنانێکی گەرم، خۆشحالی خۆی بۆ دیتنم دەربڕی. لە ئەحوالی باوکم وخزمانی سرێشمەی پرسی. دواترهاتینە

سەر باسی کێشە و گرفتەکانی بەردەم ڕێکخستنەکانی حزب بەتایبەت لە بارەی شیوعییەکان کە دژایەتی پارتیان دەکرد فەرمووی: (تەمەر) ئەوانە کە باسی مرۆڤدۆستی و ئیشتراکیەت وعەدالەت دەکەن راست ناکەن، دەنگی دهۆڵ لە دوور خۆشە. لە ناو جەرگەی شیوعیەت بە چەند کیلۆ مەترێک نزیک مۆسکۆ خەلکی هەژار بێ بەشن لە خزمەتگوزاری، سەرەتایش کەپێیان ڕەوا نابینن بە خراپترین بارودۆخ لە ژێر کۆنە جەمەلۆن تاریکایی ژیان دەگوزەرێنن ،کە چی لە مۆسکۆلە بەر زۆری گلۆپ شەورۆژ وەک یەک وایە ، ئەوەندەی من تێگەیشتبم ئایندەیان باش نابینم .

هەر کوردێک لەهەر هەلومەرجێک کێشەی بهاتایە بەردەم ئەگەر چی هەماهەنگی و پەیوەندی پێشوەختەشی نەبووبێ لەگەڵ بارزانی لەکاتی پێویست بەهەر جۆرێک لە جۆرەکان بارزانی بە ڕووحیەتێکی کوردانە وە سۆزداری بۆ گەلەکەی بە هانایانەوە دەچوو . دوای شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ جولانەوەی عقید روکن (عبدالوهاب شواف) وەک پیلانێک دژی کۆمار لە موسڵ (٢٠) سەربازی کورد سزای زیندانیان بەسەرادرا. یەکێکیان بە (٢٠)بیست ساڵ وە (٨)هەشت کورد سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا لەوانە کەسێک بەناوی (حاجی فرحان حاجی عثمان ) خەلکی گوندی (تەتەراوە)ی قوشتەپە بوو. ئەو کات بارزانی لە ( قەسرەکەی صباحی نوری سعید) بوو. دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ سەرۆک بارزانی ، داوای یارمەتیم لێی کرد، بۆ ئەو بەندانە. دەستبەجی تەلەفۆنی بۆ ( أحمد صالح عبدی ) کرد و پێی گوت (ئەبێ فوری إستئنافی ئەم (٨) هەشت کوردە قبول بکەیت )، لە هەمان کات فەرمووی بەندکراوان ئاگاداربکەنەوە کە لەکاتی دادگایی دا بلێین ،

ئێمە عەرەبی نازانین داوای پارێزەر بکەن. من پارێزەریان بۆ دەستنیشان دەکەم . بارزانی خۆی چاودێری و بەدواداچوونی ئەم دۆسیەیەی کرد تا بڕیاری بێ بەری بوونی هەر هەشت کەسەکە دەرچوو .بۆیە (حاجی فەرحان) تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد دەیگووت:(من بە ڕوح و گیان قەرزداری بارزانیم ) .



(تەمر أحمد شاباز) لە کاتی مەشق پێ کردنی پۆلێک پێشمەرگە لە راستەوە بۆ چەپ /علی حسن ، برایم خان مەرانی ، حسکۆ ڕەشۆ شێخ سیدەیی ، محمد شوکری شێخ سیدەیی.
(حاجی ئۆمەران، بارەگای بارزانی،ساڵی١٩٧٢)

لە بارەی وەفاداریی (بارزانی) تەمر گوتی: لە دیلمان پاسەوانی مالی بارزانی بووم ، ماڵباتی بارزانی منداڵێکی تازە لە دایک بوویان گیانی سپارد بارزانی ئەمری فەرموو :

(تەرمی ئەم ڕۆلەیەم لەتەک شەهید(نەبی سەرئاسن) بنێژن ،چونکە تەنیایە. جەنازەی ڕەوانشاد نەبی سەرئاسن، لەگەلییەکدا بەخاکسپێردراوە لەسەرو(جسری حافز)نێوان (گەڵاڵەوسۆران). ئا

ئەمەیە وەفای راستەقینەو بێ گەردی دڵێکی گەورەو تەژی لەجوانی نەتەوایەتی و نیشتیماندۆستی ،بێ جیاوازی کردن لەنێوان ڕۆلەیەکی خۆی ورۆلەیەکی تری کوردستان، ئەمە یەکێکە لەنمونە زەق ودیار و جوانەکانی ئەدەبیاتی شۆرشگێڕی کاریزمای نەتەوەی کورد، نمونەیەکە لە دەریایەک ئاکاری بەرز ومیهرەبانی و ڕەوشت بەرزی (بارزانی نەمر) بۆیە ناوی بۆ هەمیشە بە نەمری و زیندوویی دەمێنێتەوە.

لەهەر شوێنێ مرۆڤەکان داستانێکی بەرگری و دلێری وبوێرانە یاخود بەسەرهاتێک تۆماربکەن، جا چ خۆش بێ یا ناخۆش ،هەمیشە بە نەمری و جوانی ونەگۆڕی لەبیرو خەیاڵی تاکەکاندا ئەمێنێتەوە. مانەوەی ئەم جۆرە بیرەوەریانە ڕۆڵ وکاریگەری بەهێز ئەنجام ئەدەن و ئاوێتە بوون لەپەروەردەی تاکەکان ئەگێڕن، ئەم جۆرە بیرەوەریانە زۆر ئەستەمە لەبیرو خەیال وئەندێشەی کەسان بچێتە دەرەوە.ئەمە بەشێکە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی شۆرشگێری کەسایەتییەکان وئەم جۆرە بەسەرهات وچیرۆکانە بەشێکن لەپەروەردەی شۆرشگێڕی سەرۆکە کارێزماکانی کورد وقاڵبووی چەمکی نەتەوەیی ونیشتیمانی خۆیان کە سروشتی پاشخانی هەستی نەتەوایەتی بنەماڵەکەو ژینگەی کومەڵایەتی کەسەکە نیشان ئەدات وهەردەم ریگا خۆشکەربوون بۆ دروستبوونی بارودۆخێک کە ببێتە مایەی سەرهەڵدان وهاتنەکایەی کەسەکە بەهەموو خەسڵەتەکانیەوە ،جا چ تایبەتی بێ یا گشتی لەسەر شانۆی سیاسی کومەڵایەتیی شۆرشگێری بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانی ڕۆڵبگێڕێ لەپێناوڕزگاری گەل و میللەتەکەی کە گەل و ولات بباتەئاستی گەل و ولاتانی تری جیهان،تۆمارکردنی شانازیەکان ودەستکەوتەکان

ئەبێتە پیشەی مێژوو نوسان و خاوەن ویژدانە جوان ومیهرەبانەکان ئەوان بریاری کوتایی و ئەبەدی ئەدەن بەسەر حەقیقەتەکان. وبەسەرهات وداستانەکاندا ،کە بەدرێژایی کات وشوێن ،مێژووی شۆرشگێڕەکان وشەهیدەکان وپاڵەوانەکان هەمیشە شانازیەکی بۆماوەی گەورەیە لەمێژووی گەلەکەمان .

(تەمر)وەک پێشمەرگەیەک کە وشیار وئازا بووە لە هەموو وێستگەکانی ژیانی ئەو رووداوانەدا یادەوەرێکی لێ تۆمارکردووە. لە تایبەتمەندییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی دەلێ چاکە وگەورەیی ومیهرەبانی ورێزداری خەلکی باڵەکایەتی لەلوتکەی نیشتمان پەروەری و میواندۆستی بووە بۆ شۆڕش ، هەرگیز چاکەو گەورەیی دانیشروانی ئەم دەڤەرە لە بیرناکەم.



# ڕەوانشاد ئەفسەری پۆلیس كمال أحمد برقي







ڕۆژی لەدایکبوونی ١٩٣٠/٧/١
ڕۆژی وەفاتی ١٩٦٧/٩/١٥

لەساڵی ١٩٥٧ کاتێ نووسەر قوتابی بوو، لەپۆلی یەکی کۆلێجی پۆلیس لە بەغداد ، ڕەوانشاد کەمال ئەحمەد بەرقی،ئەفسەری پۆلیس بوو،بە پلەی مولازمی دووەم.

حەفتەی یەک جار،لەڕۆژانی پێنجشەممەدا،وانەی بێتەلی پێ دەوتین ولەهەمان کاتدا فێری ئاژۆتنی ئۆتۆمبێلیشی دەکردین.زۆرپرۆفیشناڵانە ئەو دوو وانەیەی دەگوتەوە.

ڕەوانشاد، لە زۆر دامودەزگاکانی پۆلیس،لە شاری بەغداد،دەسبەکاربووە.

وەک باس دەکرێ،ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ چەندئەفسەرێکی دیکەی کورددا،فەسڵ دەکرێ وئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان وماوەی ساڵێک لەشاری هەولێر ژیان ئەباتەسەر و دواتر ئەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی. لەساڵی ١٩٦٦ دوای نەمانی عبدالسلام عارف،لە گوندی (هەڵشۆ) سەربەقەزای قەڵادزە،پەیوەندی ئەکات بەشۆڕشەوە

ولەبەشـی دادگـا دەسـبەکاردەبێت. لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٦٧ بـۆ مـاوەی،حەوت مانـگ،بەڕێوەبەری دەزگـای موخـابەرەی گشـتیی شۆڕشـی ئەیلول دەبێ،هەروەها سـەرەوکاری ئیشـوکاری بارەگای بێتەلی (ئاراس) ی دەکرد.



## جارێکی دیی بۆمێژوو

نووسـەری ئەم پەڕتوکە ڕۆژی١٩٦١/١٢/٢١لە دەوروبەری (گونـدی بـامەڕنی) یەکەم بـنکەی بێتەلـی گەڕۆکـی لە بارەگـای سـەرۆک مصطفی بارزانی دامەزران بەناوی (بێتەلی ئاراس) و لەگەڵ بێتەل مستەفا ئامێدی خستیانە کار.

دواتـــر هەردوو کـــارگێڕی بێـــتەل مەلاســـلێمان و حەمەڕەزا عبدالڕحمان دەسبەکاربوون. نووسەرلەیاداوەریەکەیدا،نووسیویەتی: ساڵی ١٩٦٢، پێش ئەوەی ناوچەی بادینان بەجێ بهێڵین و بەرەو نـاوچەی بـاڵەک و گەلاڵە بکەویـنە ڕێ ئەم بـنکەی بێـتەلانەی خوارەوەم بۆ لەشکری/١ لە ناوچەی بادینان دانا:

- بنکەیەک لای (اسعد خۆشەوی) لە بەرواری بالاَ.
- بنکەیەکی دیکە لای (عیسی سوار) لە ناوچەی زاخۆ.
- بنکەیەک لای (علی خلیل خوشوی) لە ناوچەی دهۆک.

- بنكەی چوارەم لای (حسۆ میرخان  ـ دۆڵەمەری) لە ناوچەی قەزای شێخان.
شیفرەی تایبەتیم بۆ دانان بۆکاتی پێویست لەگەڵ بنکەی بێتەلی ئاراس(کەخۆم بنیادنەری بووم) پەیوەندی بکەن. بەم شێوەیە نووسەری ئەم پەرتوکە مێژووییە توانیی بەرەبەرە لەیەک بنکەی بێتەلەوە دەزگای موخابەرەی گشتی پێکبهێنێت و لە دەسپێکی دوو کارگێری بێتەلەوە ژمارەی کارگێرانی ئەم دەزگایەی گەیاندە(٧٥٠) کارگێری ئامێرەکانی بێتەل وچاککردنی ماتۆری چارجکردنی باتری بۆ ئامێرەکانی بێتەل وژمارەیەکیش نووسەری جفرە بۆسەرجەم هێزەکان ودامودەزگاکانی پ.د.ک لە ناوچەی(زاخۆ)وە هەتا (بەمۆ وسەرتەک وبێلوولە وخانەقین).
تکایە هیچ کەسێ مێژووی بنیادنانی دەزگای موخابەرەی گشتیی شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥وهەروەها بنیادنانی(محەتەی بێتەلی ئاراس لەبارەگای گەڕۆکی بابەگەورە سەرۆک مصطفی بارزانی) ئاڵۆز نەکات.



# ڕۆژانێکی بەهادار بۆ خزمەتی شۆڕشی ئەیلول

## ١٩٦١- ١٩٧٥

لە دانیشتنێکدا برادەرێکی ئەدەبدۆست فەرمووی: لە کات و سات و زەمانێکدا ژیاویت جارێکی تر دووبارە نابێتەوە و لەبوارێکی هونەری و تەکنیکی بێتەل و شیفرەسازیدا ژیاویت و خولقاندوتە کە ئیشێکی لە بابەتی ئەم ئیشە کەسێکی دیکە بەو فراوانیەی تۆ نەیکردووە و پێی هەڵنەساوە...

بۆیە بە پێویست و ئەرکی سەرشانی دەزانم چەند کورتە باسێک لە ڕووداوەکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی پێشکەش بە دڵسۆزانی کورد و ڕاستی پەروەران و پەرتووکخانەی نەتەوەی کورد بکەم .

خەباتی چواردە ساڵەی پێشمەرگایەتیم لەڕۆژی ١٩٦١/١٢/٧ - ١٩٧٥/٣/٢٩دەست پێ دەکات، ئێستاش لەبواری فەرهەنگسازی ونووسیندا بەردەوامە.

<u>بەرەو زاوێتە</u>

لەکۆتایی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦١ فەوجەکەمان(ف٦ قوەالسیارە) لە بەغدادەوە گوێزرایەوە بۆ زاوێتەی سەر بە پارێزگای دهۆک ئەو کاتە دهۆک قەزا بوو. کە لە بەغدادەوە فەرمانی گوێزرانەوەم دەرچوو بەرەو کوردستان یەکسەر بڕیارم دا لەکاتێکی گونجاودا بچمە ڕیزی شۆڕشەوە.

## بەرەو پێشمەرگایەتی

یەکەم هەنگاو چوونم بۆ ڕیزی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان لەبارەگای ڕەوانشاد (سەرۆک مصطفی بارزانی)ەوە دەستی پێکرد: لە ١٩٦١/١٢/٧ەوە.

### * یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆک*

(بابەگەورە سەرۆک مصطفی بارزانی دەیفەرموو: هەرکوردێک بیەوێ، خزمەتی میللەتی کورد بکات، نوێنەری منە. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو دەسەڵاتەکانی منی هەیە).

ڕۆژی ١٩٦١/١٢/٢١ لە دەوروبەری گوندی بامەڕنی بووین (بێ ئەوەی کەسێ، یان لایەنێک ئاڕاستەم بکات) یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆکم لە بارەگای سەرۆک مصطفی بارزانی دامەزراند بەناوی (ئێستگەی بێتەلی ئاراس) و لە سەرەتادا لەگەڵ بێتەل مستەفا ئامێدی خستمانە کار.

### * وەرگرتن و شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراوی سویا*

شەوی ١٩٦١/١٢/٢٨ لەگوندی (قارقاراڤا) بووین لەناوچەی بەرواری باڵا، یەکەم بروسکەی (شیفرەکراوم) حەل کردو یەکەم کلیلی شیفرەم دۆزییەوە بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکم لەبەردەستدابێ، یان لە میری بە دەست کەوتبێ بە وردبوونەوە و تێڕامان و هزرکردن و بەراوردکردن، نهێنیی ژمارەکانم لێک ترازاند و ناوەرۆکی بروسکەکەم نووسییەوە.

## ژمارەی شۆڕشگێڕان و جۆری چەکیان

لە (کانوونی یەکی ١٩٦١)دا ژمارەی پێشمەرگەکان ٧٢٠ کەس بوون، نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگەیان بێ چەک بوون و بێ چەکەکان زۆریان تەنها خەنجەریان پێ بوو، دوو شوانیش بوون بە پێشمەرگە گۆپاڵەکانیان پێ بوو واتە گۆچانەکانیان لەکاتی شەڕدا بێ چەکەکانیش دەکەوتنە دووی پێشمەرگە چەکدارەکان بەمەبەستی چەک وەدەستهێنان.

ڕۆژی دووشەممە ١/کانونی دووهەم/١٩٦٢:

ئەمڕۆ لەگوندی (دێرشیش) لەناوچەی بەرواری بالاین بێتەلەکەمان دامەزراندووە و گوێ لە بێتەلەکانی میری دەگریین.

ئێوارەی پێنجشەممە/١٥شوبات/١٩٦٢ بەسەر (چیای مەتینا)دا، لەگەڵ عەلی عەسکەری و محەتەی بێتەلی ئاراس کەوتینە ڕێ، لەژێر زرموهۆری تۆپەکانی سەربازگەی (سکرین) بەڕێگەوە بووین.

ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٧ لەگوندی (ئەرزەخ) بووین, پشت ناحیەی ئەتروش هێشتا بەڕێوەبەری ناحیەو دامودەزگای میری لە ئەتروش مابوون بروسکەیەکمان وەرگرت لە بێتەلی گوندی (مرێبا) شەش کیلۆمەتر لەئێمەوە دوور بوون دەڵێ: "حەوت تۆپی ١٢٠ملممان بۆ هاتووە، ئەم ئێوارەیە یاخییەکان تۆپباران دەکەین". لە هەمان کاتدا شەڕ لەسەر مەرکەزی پۆلیسی (بریفکا) بەردەوام بوو.

بەهۆی وەرگرتن و شیکردنەوەی بروسکەی شیفرەکراوی دامودەزگای میری، ئاگاداری هەولیکی دلتەزێن بوین ئەویش ئەوە بو کە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٨ لە خەستەخانەی گشتی موسڵ بە ناجوامێرانە لە پەنجەرەوە دەسڕێژ لە (محمدامین میرخان) دەکرێ و گیانی پاکی لەدەستچووە.

٢٠/ئازار/١٩٦٢ عبدالكريم قاسم بەهۆی قائمقامی قەزای شێخانەوە، بروسکەیەکی ئاڕاستەی بارزانی کرد بوو تێیدا هاتبوو:
"مەلا مستەفا بارزانی سەربەستە بچێت بۆ هەر شارێک لەناو عێراقدا و داخوازیی خۆی چییە، بێ گیروگرفت عبدالکریم قاسم بۆی جێبەجێ دەکات...".

## ناردنی هێزی پاڵپشت

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢/ئازار/١٩٦٢، لەبروسکەیەکی شیفرەکراودا زانیمان کە میری هێزی پاڵپشت دەنێرێ بۆ: ڕواندز، کاولۆک، کەلەکین، مەخفەری گەلی عەلی بەگ، بلەژێر، مازنە، دیانە، سەری بەردی، خەلان، باپشتیان، خەلیفان.
لە (شەوی ٢٩/ئازار/ ١٩٦٢)ەوە شەڕ لەسەر شارۆچکەی (ئەتروش) بەردەوام بوو، تۆپ و فڕۆکەی جەنگی بەردەوام لە سەنگەری پێشمەرگەکانی ئەدا، لەشکری ئێمە لە ئەم شوێنانە بوو: دەوروپشتی ئەتروش، ئەرزەخ، ئارمشت، گوندی بلان ، ئەشکەفتێ ، لەسەر ڕوباری (بدرالدین، کە بەشێکە لە ڕوباری خازەر) لەسەر ملەی چیای (گارە) بەرامبەر چیای (خەیری)یە. بارەگای بیتە لی ئاراس لەناو ئەشەکەوتێکدا بوو لەسەر ڕوبارەکە.

## بێتەلەکانی هێزی میری لەژێر چاودێریماندان

سەعات بەسەعات، پێشەکی پلانی هێرش وکاتی بۆردومان و تۆپبارانمان وەردەگرت.
پەیتا پەیتا بروسکەی (بەرەکانی شەڕو جموجۆڵی سوپاو پلانی هێزەکانی میری)مان وەردەگرت. ڕۆژی وا هەبوو (٣-٤)دەستەوارە

بروسکەی شیکراوەم دەخستە بەردەستی سەرۆک بارزانی و سەعات بەسەعات ئاگاداری چۆنیەتی بارودۆخەکە بوو.

## ناحیەی ئاغجەلەر داوای هێزی فریادڕەس دەکات

ڕۆژی هەینی ٦/نیسان/١٩٦٢ ژمارەیەک بروسکەی هێزی میریمان وەرگرت، دامودەزگای ناحیەی ئاغجەلەر داوای هێزی فریادڕەس دەکات.

ڕۆژی شەممە ٧/نیسان/١٩٦٢ فەرماندەی هێزی زاخۆ عیسا سوار، لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی هەڵبژێرراودا توانیان لە گەلی زاخۆ شەڕێکی پاڵەوانانە ئەنجام بدەن.

ڕۆژی (پێنجشەممە ١٩/نیسان/١٩٦٢) بەگوێرەی ئەو بروسکانەی لە سەرچاوەی بێتەلەکانی میرییەوە وەری دەگرین، بێجگە لە ناوچەی ئاکرێ، شەڕ لەم شوێنانەش لەنێوان هێزەکانی لەشکری کوردستان و سوپاو جاشدا گەرمە: زاوێتە، (چیای کەمەکا) پشت دهۆک، (گەلی سپی) لەزاخۆ، دەوروپشتی هەولێر، دەوروپشتی سلێمانی.

ڕۆژی دووشەممە ٣٠/نیسان/١٩٦٢، بەگوێرەی بروسکەکانی میری عەباسی مامەند ئاغا و هێزەکەی دوو ڕۆژە هێرشیان کردۆتە سەر مەرکەزی پۆلیس لەگوندی (وەلاش) و ئابلووقەی شارۆچکەی (گەلاڵە)یان داوە.

## دەستنیشانکردن و دانانی بنکەکانی بێتەل لە بادینان

* پێش ئەوەی ناوچەی بادینان بەجێ بهێڵین و بەرەو ناوچەی باڵەک و گەلاڵە بکەوینە ڕێ، ئەم بنکەی بێتەلانەی خوارەوەم بۆ لەشکری/١ لە ناوچەی بادینان دانا:

- بنکەیەک لای ئەسعەد خۆشەوی لە بەرواری بالا.

- بنکەیەکی دیکە لای عیسا سوار لە ناوچەی زاخۆ.
- بنکەیەک لای عەلی خۆشەوی لە ناوچەی دهۆک.
- بنکەی چوارهەم لای حەسۆ میرخان دۆڵەمەری لە ناوچەی قەزای شێخان.
-پاشتر بنکەیەکی تر لای سلیم اسعد خوشەوی بۆ هێزی ئامێدی.
شیفرەی تایبەتیم بۆ دانان بۆکاتی پێویست لەگەڵ بنکەی ئاراس پەیوەندی بکەن.
لەڕۆژانی ٥و٦و٧و٨و٩ی /ئایار/ ١٩٦٢دا'هێزەکانی سوپا سەرجەم کلیلی شیفرەی بروسکەکانی خۆیان گۆڕی توانیم شییان بکەمەوە و لە بیرنامەکەی بەرباخەڵدا هەندێکیان تۆماربکەم.
ڕۆژی جومعە ١١ی ئایار ١٩٦٢: بەهۆی بێتەلەکەمانەوە، زانیمان کە لە ناوچەی پێنجوێن بەشی زۆری مەخفەرەکانی پۆلیس داگیرکراون و لەشکری کوردان بەردەوامن لە ئابلۆقەدانی مەخفەرەکانی ئەو ناوچەیە، تەنها مەخفەری (کانی سپیکە) ماوە، خۆی نەداوە بەدەستەوە. هەموو مەخفەرەکانی قەزای چوارتا دەستی بەسەردا گیراوە.
ڕۆژی ١٤ی ئایاری ١٩٦٢ بارەگاکەمان لە ئەشکەوتێکدایە لە چیای پێرس نزیک گوندی (کاولۆکا)و (دوستەکا).
ڕۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ بەگوێرەی بروسکەیەکی جفرەکراو لە موتەسەریفییەتی سلێمانیەوە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە: ئەمڕۆ لەشکری (م ـ س) هێرشیان کردۆتە سەر مەرکەزی شارۆچکەی پێنجوێن.

## لەچیای پیرسەوە بەرەو گەلی بێخمە

شەوی پێنجشەممە ١٧/ئایار/١٩٦٢ لە سەعات نۆی شەوەوە بەرەو گەلی بێخمە کەوتینە ڕێ، سەعات شەشی بەیانی گەیشتینە گوندی (نەقەب) بەرامبەر چیای (سادە) هەتا عەسر بۆ پشوودان و بۆ وەرگرتنی بروسکەی هێزەکانی میری، لەپشت گوندەکەوە بارو بنەمان خست. ڕۆژی شەممە ١٩/ئایار/١٩٦٢ لەسەر ڕوباری شین (زێی گەورە)ین، چووینە نزیک گوندی (مالموس)ی سەر بەناوچەی سورچی.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨/ئایار/١٩٦٢، شەو هەتا بەرەبەیان بەڕێوەبووین، سەعات پێنجی بەیانی گەیشتینە دێی (شێخان) لەبن چیای (سەری بەردی و حەسەن بەگ).

ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی لەشکر، چواردەوری گوندەکەیان گرت، بۆ پاککردنەوەی ئەو دەوروبەرانە لە جاش و هەدارکردنی ڕێگەی هاتوچۆ .لە بەیانی هەتا ڕۆژئاوا شەڕ بەردەوام بوو.

لە دەستکەوتەکان بارگیرێکی کورتەبالای سوورکاری هێمن و خۆشڕەو لەگەڵ ئێسترێکی سوورکاری بالابەرزی خۆشبەزو تیژڕەوو پشوو درێژ کەوتە دەست پێشمەرگەکانی بارەگای بێتەلی ئاراس و خرانە ژێر بارەوە. لەوەو پێشتر یەک ئێسترمان هەبوو ئامێری بێتەلەکەو مەکینەی شەحنی پاتری و دوو پاتری لەسەر کۆڵی یەک ئێستر باردەکران، پێشمەرگەیەک بەرپرسیار بوو لە بەکۆڵ هەڵگرتنی جەلیکانێک بەنزین و یەکێکی دیکەیان هەڵگرتنی ڕۆنی مەکینەکەو سجلاتی بروسکەی لەکۆڵ دەگرت، کە لەم دوو کۆڵ و بارگەیە ڕزگاریان بوو هەردوو پێشمەرگەکە وایان هەست دەکرد ئەمان پێش کوردستان ڕزگارییان بەدیی هێنا, لەسالانێکی

زۆر ناهەموارو پڕ ئەرک و پڕ برسێتی و نائارامی و نەبوونیداو، بێ نالّ و بە دوو سێ پارچە سیپالّی بەسەریەکدا دادووراو لەجیاتی زین و کورتان، ئەو دوو وڵاخە لەژێر باروبنەی شۆڕشدا بوون.
ڕۆژی سێشەممە ٢٣/ئایار/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی (بێشێ) لەسەر چیای (حەسەن بەگ) لەپشت دێی (هەسنان) بێتەلەکەمان دامەزراندو کەوتینە ئیشی ڕۆژانەی خۆمان.
شەوی چوارشەممە ٣٠/ئایار/١٩٦٢ بەرەو چیای (بەرسرین) کەوتینە ڕێ، شەو لەگوندی (بەرسرین) بێتەلەکانی ناوچەی ڕواندز و هەولێرمان خستە ژێر چاودێرییەوە.
ڕۆژی پێنجشەممە ٣١/ئایار/١٩٦٢ چووین بۆ گوندی (ماویلیان) لەدامێنی (چیای هەندرێن) ،کۆمەڵێ بروسکەی بێتەلەکانی میریمان وەرگرت. هێزەکانی میری ئاگاداری هاتنی بارزانی و لەشکرن بۆ ناوچەکە. بروسکەکانیان، بێجگە لە هەولێر، ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دیفاعی دەکەن، لەوەو پێشتر ئەم دەسەڵاتەیان نەدرابووە دەست. لەسەرەتای مانگی ٦ی حوزەیران/١٩٦٢ گەیشتینە دەوروبەری شارۆچکەی (گەڵاڵە)، شەوی دووشەممە ٤/حوزەیران/١٩٦٢ لەژێر بۆردوومانـدا دامودەزگای ناحیەکە و سریەی پۆلیس توانیان بەدزیەوە بەرەو قەڵای مەخفەری (ڕایات) بکشێنە دواوەو خۆیان لە ناو قەڵاکەدا توند بکەن.
ڕۆژێ لەمەوبەر ئەو سریە پۆلیسەی لەناو مەرکەزی ناحیەکەدا بوو، بروسکەکانی خۆی لەسەر ناونیشانی مەرکەزی ناحیەکە دەنارد، بەڵام ئەمڕۆ بروسکەکانی خۆی لەسەر ناونیشانی مەخفەری (ڕایات) دەنارد بۆ هەولێرو ڕەواندز، لەبەرئەوە لەکشانەوەکەیان بۆ ناو قەڵای رایات دڵنیا بووین.

لەشەوی پێنجشەممە ١٩٦٢/٧/١٢: دوای خۆبەدەستەوەدانیان تەنها مدیر ناحیەکەو چەند پۆلیسێک بەبەندی نێردران بۆ (بێتواتە)، بەڵام ژمارەیەک لەوانی دیکە حکومەتی ئێران لەشارۆچکەی (پیران شەهر)ەوە واتە (خانە) بەزۆرە ملێی و نابەدڵەوە وەری گرتن و بەناو ئێراندا بردیانن بۆ (قەسری شیرین) و تەسلیم بەدامودەزگای ڕژێمی عبدالکریم قاسم کرانەوە.

* شەوی دووشەممە ١١/حوزەیران/١٩٦٢، لەگوندی (دەربەندی ڕایات) بووین، (١٠-١٢) بروسکەی پەلەو گرنگی هێزەکانی میریمان وەرگرتبوو لەگەڵ عومەر دەبابە پێکەوە چووین بۆ لای بارزانی. بروسکەکانم پێشکەش کرد.

ڕۆژی هەینی ١٥/حوزەیران/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی (مژدەینان) بەرامبەر چیای (حەساری سەکران)، بە (سەکری سەکران)یش ناودەبرێ.

